# بنەماکانی کۆنگرەی رۆژنامەوانی

1 - کۆنگرەی رۆژنامەنووسی، لەلایەن ئەو کەسەوە یان ئەو دەزگاو ناوەندەوە، پێشنیار دەکرێت، کە دەیەوێت پەیامێک بنێرێت.



2 - کۆنگرەی رۆژنامەنووسی لەسەر بابەتێکی دیاری کراوە. نابێت چەند بابەتێک تێکەڵ بەیەکتر بکرێت. پێویستە لە گشتگیری دووربکەوێتەوە. قسە بەروونی بکرێت، بەڵام دەکرێت تایتلێک بێت یان چەند تایتلێک لەیەکتر نزیک بن بەشێوە گشتییەکەی.

3 - پێویستە شوێن و کات و چۆنێتی لە پرێس کۆنفرانس بزاندرێت، کات و شوێن دیاری دەکرێت و بابەتێکی هەنووکەیی قسەی لەبارەوە دەکرێت.

4 - دەکرێت لە کاتی ئاسایی و نائاساییدا ببەسترێت، رەنگە کاتەکەی زاندراوبێت وەکو هەفتانە یان مانگانە، یاخود رەنگە ماوەیەکی کەم بەر لەئەنجامدانی لەلایەن رۆژنامەنووسانەوە بزاندرێت.

5 - ئەو کەس یان دەزگاو لایەنە دەتوانێت هەموو یان ژمارەیەک لە کەناڵەکانی راگەیاندن بانگێشت بکات. زۆر جار تەنها کەناڵەکانی خۆی بانگ دەکات،بەڵام بۆ شەفاف بوون وا باشترە زۆرترین کەناڵی راگەیاندن بانگێشت بکرێن.

6 - ئەو کەس یان دەزگاو لایەنە، سەرەتا دەست دەکات بەگەیاندن و پێشکەشکردنی ئەو پەیامەی دەیەوێت لە رێگەی کەناڵەکان بیگەیەنێت...تا تەواو دەبێت رۆژنامەنووسان بە کۆمێنت یان بە

پرسـیار بەشـداری ناکەن، تەنها دەتوانن...وێنە بگرن بە کامیرای فۆتۆو تەلەفزیۆنی یان ریکۆردی بکەن بە فۆیس ریکۆردەر یان هەر رێگایەکی تری رۆژنامەنووسی تۆماری ئەو پەیامە بکەن.




7 - لە دوای تەواو بوون، ئەو کەس یـان دەزگـاو لایەنە، دەتوانێـت راســتەوخۆ هۆلی کۆنگرەی رۆژنامەنووسـیەکە بەجێ بهێلێت و بواری هیچ پرسـیارێکی رۆژنامەنووسـان نەدات. یان دەتوانێت بوار بە هەندێک لە رۆژنامەنووسـان بدات، کەوا پرسـیاری ئاراسـتە بکەن...یاخود دەتوانێت بوار بۆ تەواوی رۆژنامەنووسانی ئامادە و بەشدار لە کۆنگرە رۆژنامەنووسیەکە برەخسێنێت.



8 - وەک رۆژنامەنووس هەوڵدە پێشـــوەختە خۆت ئامادە بکە، لە قەلەم، ریکۆردەر، دەفتەر، کامیرا (ڤیدیۆ یان فۆتۆ)کامیرامان، پرسیاری پێشبینیکراو، زانیاری لەسەر باگراوندی بابەتەکە.

9 - پێویســتە لە پرســیارکردن چاوەڕێ بکەیت، تاوەکو ئەو کەس یان ئەو کەســانە قســەکانیان بۆ رۆژنامەنووسان تەواو دەبێت.

10 - ئەو کەس یان دەزگاو لایەنە، دەتوانێت وەڵامی ئەو پرسیارانە نەداتەوە، کاتێک رۆژنامەنووسەکە لەبابەتەکە دەردەچێت.

11 - بەڵام لە هەمان کاتدا، ڕۆژنامەنووسان ئازادن لە ئامادەبوون یان ئامادەنەبوونی کۆنگرە ڕۆژنامەنووسییەکان.

12 - بەر لەدەستپێکردنی کۆنگرە ڕۆژنامەنووسییەکە بگە شوێنی مەبەست. (بۆیە پێویستە شوێنی ئەنجامدانی پرێس کۆنفرانسەکان، ڕەچاوی پارکینگ و ئاسانکاری بۆ ڕۆژنامەنووسان کرابێت).



13 - لەکاتی دانیشتنی ڕۆژنامەنووس باشترین شوێن ناوەراستی ریزی پێشەوەیە.

14 - ڕۆژنامەنوسان ئازادن، لە بڵاوکردنەوەی تەواوی یان بەشێکی کۆنگرە ڕۆژنامەنووسیەکە، هەروەها ڕۆژنامەنووسان لە توانایدایە هیچ زانیاریەکی نێو کۆنگرە ڕۆژنامەنووسیەکە بڵاونەکەنەوە، تەنانەت ئەگەر لە نێو کۆنگرە ڕۆژنامەنوسیەکەدا ئامادەیشیان هەبووبێت.

15 - کۆنگرەی ڕۆژنامەنووسی بەخێرایی دەجولێت، بۆیە چەند پرسیارێک دروست دەبن و لەکاتی پرسیارکردن ئامادەیت کردبێت، تاوەکو بەتەواوی گوێ لە وەڵامەکە بگریت.



16 - ڕەنگە زۆرجار لە پرێس کۆنفرانسەکەدا دەرفەت بدرێت بە هەموو ڕۆژنامەنووسان کە پرسیار بکەن، لەو کاتەدا هەوڵدە لە چەند پرسیارێک سەرەتا باشترینیان بکە، دواتر تەواوی ئەو

پرســیارانەی ئامادەت کردووە، کە پەیوەســتن بە بابەتەکەوە، دوودڵ مەبەو پرســیارەکانت بکە.

هەمیشە پرسیار بکە

17 - تـوزێـک تـونـدبە، دەنـگ بەرزبکەوە، تـارادەیەک هەڵپەرســـت بە، بەرەو پێشــەوەی پرێس کۆنفرانسەکە بە، تاوەکو وەڵامی پرسیارەکانت دەست بکەوێت.



18 - شــارەزایی لە زمانی جەســتە پەیدا بکە، تاوەکو بزانیت لە کوێدا دەتوانیت راوی پرســیاری بەهێز بکەیت، لە کوێ زانیارییەکان هەوڵی شــاردنەوەیان دەدرێت، لە کوێ کەســەکان دەیانەوێ لە زانیاری راست خۆیان بەدوور بگرن.

19 - لەکاتی پرســیارکردن ، پرســیارەکان دیاریکراو بن و رێگە مەدە ئەو کەســە بە گشــتی وەڵامی پرسیارەکەت بداتەوە، بەڵکو وای لێ بکە بە دیاریکراوی بەیانکردنی خۆی بڵێت.




20 - لە پرســیارکرن چاونەترس بە، چونکە بەترســەوە پرســیار بکەیت، کە لەگەڵ بەرپرســێک یان سەرکردەیەک قسە بکەیت، بێگومان دەربڕینی پرسیارەکانت قورس دەبێت، لەبیرت بێت دەربڕین و پرسیارکردن کاری تۆیە، بۆیە پێویستە چاونەترس بیت.



## چۆنێتی نووسینی پرێس کۆنفرانسەکان

- لەشێوەی هەواڵ دەنووسرێت. یان دەکرێت لە نێو هەواڵ و راپۆرتە هەواڵ و ژانرەکانی تر سوودی لێ ببیندرێت.




- لە رۆژنامەدا لە کاتی نووسینی چیرۆکە هەواڵی پرێس کۆنفرانسەکان، نابێت پرسیارەکانی خۆت بنووسیت تەنها وەڵامەکانی یان هەواڵە گرنگەکان دەنووسرێت.

- ناوی کەسەکە یان کەسەکان لەگەڵ پیشە یان ناو و کاری دامەزراوەکەی تێدا بێت.

- بە کورتی ووتە گواستراوەکانی تێدا بێت.

- هەوڵدرێت لە لاپەرەیەک زیاتر نەبێت.

- دیکۆمێنتی تر لەدەرەوی ئەم پرێس کۆنفرانسە لەگەڵی بەکارنەیەت.

- تایتلێکی کورتی هەبێت، کە نرخی چیرۆکەکە بۆ وەرگر پیشان بدات.
- لە پەڕەگرافی یەکەم هەوڵبدرێت لە ٢٥ ووشە زیاتر نەبێت.
- وەڵامی پرسیارەکانی (کێ، چی: چ شتێکی نوێ هەیە، کەی: کاتەکەی، شوێنەکە، بۆچی ئەو بابەتە گرنگە). پەڕەگرافی یەکەم روونکردنەوەی کلیلی پەیامەکە بێت.
- دواتر پەڕەگرافەکانی تر لەگەڵ ووتە وەرگیراوەکان وەک خۆی یان کورت بکرێتەوە.
- کۆتاییەکەی پوختەیەک بێت، لە خاڵە سەرەکییەکانی پەیامەکە.

## نمونە بۆ نووسینی پرێس کۆنفرانس

سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان مەسرور بارزانی دوێنێ لە شاری هەولێر لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا، پلانی توندکردنی یاساکانی پەیوەست بە کۆمپانیا بیانییەکانی راگەیاند.

لەو پلانەدا، کە حکومەتی تازە دەیەوێت ئەنجامی بدات، مەسرور بارزانی ووتی:- "دەمانەوێت باج لەسەر کۆمپانیا بیانییەکان زیاد بکەین و لەرێگەی رێ و شوێنی یاسایی، شێوازی رێکخستنی باج بەهێزتر بکەین".

هەروەها ئەوەی خستەروو کە:- "بەو هەنگاوانە دەتوانین داهاتێکی گەورە بۆ خەزێنەی دەوڵەت بگەڕێنینەوە و ژمارەی کۆمپانیاکانی لیستی رەش کەمبکەینەوە".

لەوەڵامی پرسیاری رۆژنامەنووسان، لەبارەی تۆمارکردنی کۆمپانیا بیانییەکان، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان روونی کردوە کە:- "حکومەتی هەرێم رێ و شوێنی نوێ و بەسیستەمێ نوێ دەگرێتەبەر، تاوەکو کۆمپانیاکان پابەندی مەرجە یاساو رێنماییەکان بن".

لەدەرئەنجامی ئەم کۆنگرە رۆژنامەوانیەدا، هەنگاوێکی تری گرنگ بۆ چاکسازی و جولەکانی حکومەتی هەرێم بۆ کۆکردنەوەی داهات پەنای بۆ دەبردرێت، بەمە کۆمپانیاکان رێچکەی راستەقینەی خۆیان وەردەگرن و پابەند بە پێدانی باج بە حکومەتی هەرێم دەکرێن.

## دەنگ و باس

**دەنگ و باس- بەرنامەی هەواڵ- هەواڵەکان (نەشرەی خەبەری)**
**news show, news program (news cast)**

بریتیە لە گەشتێکی هەواڵی، کەوا لەرێگەی رادیۆ و تەلەفزیۆنەکان وێب تیڤییەکان پەخش دەکرێت. چەندین (هەواڵ)ی هەمەجۆر لەخۆوە دەگرێت لە رێگەی بەکارهێنانی ژانرەکانی هەواڵ و راپۆرت و رێپۆرتاژو چاوپێکەوتن..هتد. بۆ ناسینەوەو چاوەرێکردن و پێشوازیکردن و بەئاگابوونی وەرگر لە رووداو و زانیاری و پێشهاتەکان، لەکاتی دیاریکراودا پەخش دەکرێن.

## قۆناغەکانی ئامادەکردنی
## دەنگ و باس

١- گواستنەوەی هەواڵ.

٢- رێکخستن و تەرتیبکردن.

٣- ناردن و پەخش.

١- گواستنەوەی هەواڵ:-

- **لە رێگەی ئاژانسەکانی هەواڵ:- دەکرێت لەو رێگەیەوە ئەو روداو و زانیاریانەمان دەست بکەوێت، کەوا لەلایەن دەزگاو کەناڵەکە گرنگن و لەو ئان و ساتەدا پێویست و جێگای بایەخن.**

١- گواستنەوەی هەواڵ:-

- لەڕێگەی کەناڵەکانی تری وەک رۆژنامەو گۆڤارو تەلەفزیۆن و رادیۆیە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان.... میدیای ئەلیکترۆنی.

١- گواستنەوەی هەواڵ:-

• لەڕێگەی مەندوب و پەیامنێرەکانەوە:- لە هەموو ڕێگاکانی تر زیندوترو گرنگترە، چونکە مەندوب و پەیامنێرەکان لە سیاسەتی دەزگاکەیان شارەزان وزانیاری (هەواڵ)ەکانیان تەنها بە پاسەوانی دەرگاواندا (حارس البوابە) تێپەردەبێت. دەستکەوتنی هەواڵ وزانیارییەکان دەوەستێتە سەر تواناى مەندوب وپەیامنێرەکان لە کاریگەری وبەجێ نەهێشتنی هیچ خالێکی تەم ومژاوی.

١- لەرێگەی گواستنەوەی هەواڵ:-

- هەواڵ وزانیارییەکان دەکرێت لە لایەن قسەکەرودبلۆمات وکەسایەتی ودەزگا حکومی و حزبی ورێکخراوە نا حکومییەکان دەست بکەون.
- هەواڵ وزانیارییەکان دەکرێت راستەوخۆ بگواسترێنەوە یاخود بە ناراستەوخۆیی ماوەیەک بەرلەپەخش وەربگێردرێن و ئینجا پەخش بکرێن.
- دەستکەوتنی هەواڵ وزانیارییەکان لەڕێگەی سایتە ئەلیکترۆنییەکان.

2- رێکخستن (تولیف) یان تەرتیب کردنیان:- واتا کام هەواڵ لە پێش کام هەواڵ بێت و وێنەکان چۆن لەگەڵ دەنگەکان دەگونجێندرێت.

- رای جیاوازهەیە لەسەرپاش وپێشخشتنی هەواڵێک لەگەڵ هەواڵێکی تر، بەڵام باشترین ئەوەیە کە هەواڵێکی گرنگ ئینجا هەواڵێکی کەمترگرنگ بێت تا کۆتایی نەشرەی خەبەرییەکە.

**زۆرجار بە گوێرەی دەزگاکە دەگۆڕدرێت، ئەوەی زۆر گرنگە نابێت هەواڵی ناخۆش بکەوێتە کۆتایی دەنگ و باسەکان، تاوەکو بینەر بەبێ هودەیی بەجێ نەهێڵدرێت.**

**3-ناردن و پەخش:- بەشێوەیەکی گشتی نەشرەی خەبەری دەبێت راستەوخۆ بێت و لە رۆژێکدا چەندجارێک پێشکەش بکرێت. ئەگەرچی زۆرجار هەیە پێشووتر ریکۆرد کراوە، بەڵام باشترین رێگا ئەوەیە راستەخۆ بێت و دەکرێت هەندێک لە ژانەروزانیارییەکانی لەپێشتردا ریکۆرد کرابن.**







## پرۆگرامی تەلەفزیۆنی

پرۆگرامەکانی تەلەفزیۆن:-بەرنامەکان، لەئەنجامی حەزو ئارەزوو پێویستی خەڵک دروست دەبن. مەبەستیانە زۆرترین وەرگر لە ئامێز بگرن. زۆربەی کات، بەرنامەکان بۆ چینێک یان توێژێکی تایبەتە...واتا بەرنامەکان تایبەتمەندن، بەڵام بەرنامە گشتییەکان بەهەمان پێوەر گرنگن لە رووبەروو بوونەوەیان لەگەڵ وەرگردا. بەرپرسی پرۆگرامەکان، بیرۆکەی بەرنامە دەدات بە ئامادەکار، بەڵام ئامادەکار زۆر جار خۆی بیرۆکەی پرۆگرامێک بەرهەم دێنێت. بەرپرسی پرۆگرامەکان یان ئامادەکار هەمیشە هەوڵی

دروســـتکردنی بەرنامەی نوێ و جۆراوجۆر دەدەن.  ئامادەکاری بەرنامە، پێویســـتە زانیاری تەواوی هەبێت لەسەر ئەو بابەتانەی کە لەرێگەی بەرنامەکەوە ئاراستەی خەڵکی دەکات.

## ئەوهەنگاو انە چین کەوا بۆ ئەنجامدان و ئامادەکردنی پرۆگرامێکی تەلەفزیۆنی پێویستن؟

1- دیـاریـکــردنـی نـاونـیـشـــانـی یـان نـاوی پـرۆگــرامەکە و تەوەرە ســەرەکـیەکـان. (چاوپێکەوتنە...شیعرە...مۆسیقایە..هونەرە یان هەر تەوەرێکی تر).



٢- دیاریکردنی بابەتەکانی. روونکردنەوە بۆ تەوەرەکان یان دیاریکردنی بابەتەکان لەنێو تەوەرەکاندا. وەک چاوپێکەوتن لەگەڵ کێ؟ شـیعری کام شـاعر....کام بابەتی مۆسـیقا یان لە تەوەری هونەر باسـی چ بابەتێک دەکرێت؟ .

2- دیـاریکـردنی کـاتی پرۆگرام. بە زانینی کـاتی پرۆگرامەکـان، هەڵبژاردنی بـابەتەکـان و چەنـد قسـە لەســەرکردنیان و هەروەها هەڵبژاردنی کاتی تەوەرو گۆشــەکان دەزاندرێت و کۆنترۆڵی زیاتر دەکرێت. لە دانانی کاتی پرۆگرامەکان رەچاوی کات بۆ بێژەرو ریکلامەکان و مۆسیقاو نوسینەکان دەکرێت .




-4  کۆکردنەوەی زانیاری.  ئامادەکار هەڵدەستێت بە کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر بابەتەکان.




5- ڕێکخستن. ڕێکخستنی بابەت و کاتەکان بەیەکەوە...ڕێکخستنی بابەتەکان لەگەڵ یەکتر...ڕێکخستنی تەوەرەکان لەگەڵ ناونیشانی پڕۆگرامەکە.

6- دارشتن. لێرەدا دەبێت بزانیت ئایا ئەو بەرنامەیە پێشکەش بە کێ دەکەیت و لەسەر چ بابەتێک قسە دەکەیت؟ بۆیە دەبێت دارشتنەکان لەو روانگەیەوە بێت.

## جۆرەکانی بەرنامەی تەلەفزیۆنی

1. **بەرنامەی کۆمیدی.**
2. **بەرنامەی هەواڵ.**
3. **بەرنامەی ئاینی.**
4. **بەرنامەی سیاسی.**
5. **بەرنامەی هەمەرەنگ.**
6. **بەرنامەی وەرزشی.**
7. **بەرنامەی رۆشنبیری و پەروەردەیی.**
8. **بەرنامەی ئابووری.**

9. **بەرنامەی کۆمەڵایەتی.**